

## دۆنگی ..

ئێستا لەکوردستان کەم کەس هەیە نەیناسێ یا نەزانێ دۆنگی کێ یە ! درامایەکی تەلەفزیۆنی چاوکێشی ورووژێنەرە بینەر بەدەنگوڕەنگی سەرسام دەکا ، وێنەی سەردەمێکی مێژوویی فەرمانڕەوایی پاشای کۆریا لەسەدەکانی شازدە و حەڤدە دەنەخشێنێ . نوسەر و سیناریست هەروەها کاریگەری دەرهێنەرە کۆریەکەی وردبین و بەسەلیقەیە ڕووداوەکان لەدەروازەی چاوەوە بەناخی بینەر دەلکێنێ ، ئەکتەرەکان داهێنەرن توانای زەوەندیان لەسادەییدا دەنوێنێ . دوای گرێدانی زنجیرەی کێشەی بەسەرهاتەکان لەژمارەی چل و دووەوە گرێکان خاودەبنەوە و دەکرێنەوە . تەرازووی داد و بێدادی بەرزونزمی دەکا لانی چاکە و لانی شەڕ تێیدا ململانن سەرکەوت و ژێرکەوتی وێنە ڕووداوەکانن .

## گـــــــــەورەم !

گوزارشتی دابەشی کۆمەڵە بەسەر چین و توێژەکانی پۆلی یەکی سەرکار و سەردەستە بەسەر پۆلی دووی هەژار و کۆیلە لەوێوە چەوسانەوە دەست پێدەکا هەرگیز نابڕێتەوە تا ئەمڕۆش لەشێوازی تردا بەردەوامی هەیە . وەرگێڕانی دەنگی دۆنگی بەرهەمێکی بێخەوش نی یە بەڵام لەهەوڵە خۆکردی کوردیەکەدا تەواوێکی زۆر سەرکەوتووە ، دەرهێنەری کوردی پشتیوان حەسەن خاوێ لێهاتووانە هەوڵی چارەسەری داوە ئەکتەرەکانیش مانووبوونیان پێوەدیارە تا دەنگێکی سازبخەنە گوێچکەی بینەری کوردی ڕەنگدانەوەکەش لەزۆری تەماشاوانانی تایبەت

بەکوردسات دەردەکەوێ ڕۆژانە لەسەر کار و ناوماشێن یا کاتی پشوو لەڕێڕەو چایخانە هەرباس باسی دۆنگی یە قسەکانیان دەڵێنەوە تا ئێمەمانان لەهەندەران بەدەم تەلەفۆنەوە هەواڵی دۆنگی دەپرسین جا تواخوا حەقمان نی یە ؟

**هەی گێژی درێژ ..**

دەم شۆڕێکی بەردەوامە لەگرتە خەنداویەکاندا بەمۆزیک ژەنەکە دەگوترێ بەڕاستیش لەسادەییدا گێلەپرسیار و گێژەڕەفتار دەکا . هەرئەوانیش پاشایان هێنایە جۆش و خرۆشی پێکەنین کە پێستی بەرازیان دەرخواردا . ئا ئی ئایەکەی سەرپەرشتیاریش شێوەیەکی فلیمی کارتۆنی هەیە چونکە ئەکتەرە کوردیە دۆبلاژکارەکان ڕاهێنراوی ئەوشێوە فیلمەن لەدۆنگی دا ئازاد نین و مۆرکی ئەوێیان بەسەرەوەیە . وەرگێڕانە دەنگیەکە هەڵەی زمانەوانی هەیە دەکرا سود لەوشەی شێوازی تری کوردەواری وەربگیرێ بەڵام کێشە نی یە بەدیالیکتیکێکی شارێک بێ یان نا ؟ گرنگ گەیاندنی مەبەستە و دەبێ هەموومان شارەزای هەموو شێوازەکان بین و فێر ببین .

**چۆنسوو لەگەڵ فەرماندە سوو..**

کوڕە ئازاو دەسگەرمەکەی لەچەند چیرۆکێکی تری کۆری میوانی ڕەدووانی فەنتازیای هونەری شەڕی دەستی بەشمشێر هەروەها مشتەکۆڵە و پێلەقە ، جەربەزەی چاونەترسی کایە هەرە ترسناکەکانە . پیاوان بەخەیاڵ خۆیان لەکەسێتی دا دەبیننەوە سەرەڕای ئەم هەموو ئازایەتیە مرۆڤێکی جوانی هەست ناسکی بەخشندەی دادوەرە . فەرماندە سوو پیاوێکی یاسایی خاوەن دیسپلینی کەمدووی بێ خەندەی ڕشتی خاوەن بڕیاری سنورکێش و یەکلاکەرە کەسایەتیەکی بەرچاوە .

**مۆزیک و سیاسەتی نیشتمانی ..**

هەموو وشە و کردارێک ڕتمی خۆی هەیە ، موزیک لێدانی زەنگی کاتە و بەو ئاوازەی دەیەوێ دەی ڕەوێنێ . گرینگی لەدراماکە گەیەنەرە نەک هەر پەیوەندی ڕۆحی نێوان دۆنگی و پاشایە لەژەنینی کەمانچەکەیدا بەڵکو لەو سەردەمیش مارشە پەیوەستە بەسیاسەتی نیشتمانی پاشانشینیەوە .

**شاژنەکەم ..**

وشەیەکی نامۆی زارگۆی کوردەواریە لەبەر نەبوونی شاهەنشای کوردی چچای شاژن ! ئەگەر هەبووبێ زۆر زۆر کۆنە گەر هەبووایە ئەوا دەوڵەتی کوردی ئاوەدان دەکرایەوە و ئاغا کوردەکانی مێژووی ئێمەش بەپلان هەڵنەدەخەڵەتان پاشکۆی شاهەنشا داگیرکارەکان نەدەبوون کەچی زاراوەی خاوەنشکۆ بیستراوە بەکارهێندراوە بۆ داگیرکەرانی کوردستان . تەماحی دەسەلات کارێکی بەدە بەلام تموحی مافێکی ڕەوایە بۆیە لەدراماکە تەکەتول هەیە بەرەی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن شەڕێکی ناڕەوا دەکەن لەپلان و خواستی بەرەکانی باشور و ڕۆژئاوا دەبینرێنەوە ئەوەش وانەیەکی بەبیر هێنەرەوەیە بۆ ئەم سەردەمەی خۆمان .

## چـــــــــــــــــــی !

پرسیاری سەرسوڕمان و گۆتراوەی دەمی زۆری ئەکتەرەکانە ، خانمەکەم بێمە ژوورەوە ؟ ئەتیکێتی کۆمەلایەتی کۆریەکان لەدرامای بازرگان و وەرگێردراوە عەربیەکانیش دەنوێندرایەوە . وەفای پشتەپیاو یا کارەکەر و کۆیلەکان بۆ سەردارەکانیان لەترسەوە یا لەخۆشەویستی بێ بینراوە . دیمەنی گوند و چیاکان لەدارستان و سوارچاکی لەیەکچووی سروشتی کوردستانە بەڕێژەیەک گرێبەندی کەسایەتی دروست کردیە و مرۆڤی کورد لەسروشتی خۆی بەوانە سەرسامە .

## پاشگۆی دۆنگی ..

درامای تەلەفزیۆنی لەشاکارێکی کۆریایی زۆربینەر پڕ لەلێکدانەوەی فەلسەفی و قسەی نەستەق ، پەندی پێشینیان ، کیمیازانی داودەرمانی پزیشکی میللی تا چەکی ژەهرگرتنەوە و دەرخواردانی بۆ گەیشتنە دەسەلات میتۆدەکانی مێژوو سیاسەتی گرێداوە بەژیانی خۆشەویستی و عشق ، پاکی و ناپاکی بەلام سیاسەت هەر سیاسەتە لەهەموو سەردەم و زەمانێ . بڕوابوون و پێداگری گەیشتن بەئارمانج لەکەسایەتی کچێکی وەک دۆنگی پێشەنگێکی ئەرێنی سوودبەخشە مرۆڤ دەتوانێ لێ ی فێرببێ تا تێبگا و پێبگا . گیدوارا ناوێکی خۆشە لەوانەیە لەگەڵ دۆنگی ببنە ناوی کچ و کوڕانی کوردی لەدایک بووی نوێ ، ئەو کوڕە ژیکەلەیە لەسەردەمی منداڵی دۆنگی دا هاوڕێ ی بوو . ڕۆڵی منداڵان لەدراماکە

زۆر نی یە هەرچەندە کۆرسی گۆرانی مۆزیکی فیلمەکە کۆڕسێکی گەورەی منداڵانە لەکۆتایی هەموو زنجیرەکان دەیچڕن ! ژنان ڕۆڵی کارایان هەیە لەکایە سیاسیەکانیشدا خاوەن پێگەن . کلیل نەدانی بەسەرهاتی دۆنگی ماویەتی جاری دۆنگی کۆتایی نەهاتووە بۆیە پرس و باس ، لێکدانەوە و نوسینی ئێمە و ئێوەش لەهەر کات و شوێنێک بێ ماویەتی .. هیوادرین کۆتایی دۆنگی وەک ڕێزەفلیمی دۆزینەوەی کچەکەی ( گەدە لوپیێ ) نەبێ تەقەی خۆشی بەسەر شاردا هەڵنەدرێ ....

دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com